# ڕۆڵی ژنان لە چەرخە دێرینەکانی

## ((سەردەمی پێش مێژوو- ئاین و ئەفسانە))

وەرگێڕانی لە سویدییەوە

ڕێواس ئەحمەد بانیخێلانی

---

وەدەستخستنی زانیاری سەبارەت بە پێگەی ژن لە سەردەمی پێش مێژوو- سەبارەت بە دابەشکردنی کارو پەیوەندی نێوان ژن و پیاو، ڕۆڵی ڕەگەز، یان زانیاری سەبارەت بە کۆمەڵگای دایکسالاری یان باوکسالاری کارێکی هێندە ئاسان نییە، لەبەرئەوەی زۆربەی سەرچاوەی ئەو زانیارییانە نەپارێزراون. بەشێکی کەمی ئەو ڕاستیانە لەو پاشماوە ئەرکەلۆگیانەوەیە کە پارێزراون، بەشێکیان لەو تێکستە نووسراوە ئایینیانەی کە دۆزراونەتەوە و دەگەڕێنەوە بۆ چەرخی پێش مێژوو. پەیکەری ئەو ژنانەی کە دۆزراونەتەوە وا هزردەکرێ کە مێژووییان بگەڕێتەوە بۆ پێش ٢٠٠٠٠ – ٣٠٠٠٠ ساڵ، پشکنینی زۆریان لەسەرکراوە بۆ گەیشتن بە هەندێ ڕاستی. یەکێ لەو پەیکەرانەی کە بە پەیکەری ڤینووس ناوبراوە، لە زۆر شوێنی تر ژمارەیەك لەهەمان شێوەی ئەم پەیکەرە دۆزراونەتەوە، بۆ نموونە لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی فەرەنسا، چایکۆسلۆفاکیا، ئیتالیا و ئۆکراینا. بەناوبانگترین پەیکەری ڤینووس ئەوەیە کە لە ڤێڵندۆرفی نەمسا دۆزراوەتەوە. لەم پەیکەرەدا ئەو لایەنانەی کە بەرجەستەی ژنایەتی ڕەگەزی مێ دەکات دەرخراوە، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ لەو کاتەدا مەسەلەی منداڵبوون و بە پیتی ژن لە خستنەوەی نەوەی نوێدا بەرز نرخێنراوە. بەم پێیەش بە پیرزی خوداژنەکان لەو لێکۆڵینەوانەی کە کراون شاهێدی بوونی کۆمەڵگای دایکسالاری دەدات.

بەپێی ئەو ئێسك و پروسکانەی کە دۆزراونەتەوە، مردن لەناو ژنانی باڵغدا زۆر زیاتربووە لە پیاوانی هەمان تەمەن. تەنانەت لەسەردەمی پێش مێژوودا ژمارەیەکی زۆری کچان لە ناو لانکدا مردوون.

لە کۆمەڵگی مرۆڤایەتیدا بۆچوونی جیاواز هەیە:

سەبارەت بە جیاوازی ڕۆڵی ژن و پیاو لە کۆمەڵگادا و پێگەی هەردوو ڕەگەزەکە لە قۆناغەکانی پێشکەوتنی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی بۆچوونی جیاواز هەیە، بەتایبەتی لەو ماوەیەی کاری ژن گرنگییەکی زۆری هەبووە بۆ بەرەوپێشچوونی کۆمەڵگا. ژنان بوون کە چوونە دەرەوەو تۆوی کێوییان دۆزییەوە و فێری چاندنی سەرکەوتوانەی ئەو تۆوانە بوون. هەر ژنان بوون گۆزەی گەورەیان دروست دەکرد تا تۆویی تێدا بپارێزن، هەروا هەر ئەوانیش بوون شەن و بێڵیان دۆزییەوە تا کاری کشتوکاڵی لە بابەتی کێڵان و دروێنەوەیان پێ ئەنجامبدەن. پیاویش لە جیاتی کوشتنی ئاژەڵ فێربوو ڕاو و ماڵییان بکات. پیاو لەجیاتی ئەوەی ڕاوچی بێت بووە شوان و پاسەوانی ئاژەڵەکان. بەڵام ژن بوو کاری ڕستن و چنینیان کردو لە خوری مەڕ قوماش و هەروا فێری ئەوەش بوون چۆن گۆشتی مەڕ سوێر بکەن و بە دوکەڵ وشکی بکەنەوەو بیپارێزن بۆ زستان یان کاتی برسێتی.

ئەرکی بایۆلۆژی ژن لە منداڵبوون و شیرداندا کاری کردە سەر پێگەی ژن لە بواری کاردا. دەبوایە ئاگای لە منداڵە کۆرپەکەی بووایە، بۆی نەدەکرا ماوەیەکی زۆر لە ماڵ دوور بکەوێتەوە و منداڵەکەی بەجێبهێڵێ. بۆ نموونە بەشداریکردن لە ڕاودا. بەڵام کارکردن لە بواری کشتوکاڵیدا هێشتا لە قۆناخی سەرەتاییدا بوو، بۆیە دەیتوانی بیگونجێنێ لەگەڵ پەروەردەی منداڵ. پاشتر شێوەی کارکردن لە بواری کشتوکاڵدا پەرەی سەندو شێوە کاری جیاواز هاتە ئاراوە لە بابەتی کێڵان و دروێنە، کە پێویستی بە کاتی زیاتر هەبوو، ئەوکات ژن نەیدەتوانی لەبەر منداڵەکەی هێندە لە دەرەوەی ماڵ بمێنێتەوە، پیاو دەیتوانی ماوەیەکی زۆر لە دەرەوەی ماڵ بمێنیتەوە، ئەم ئەرکەی پێسپێراو و ژنیش لەماڵدا مایەوە تا ئاگاداری منداڵ و ماڵ و سامانی خێزانەکە بێت. لەسەردەمی پێش مێژوودا چەند کەرەستەی تەکنیکی تازەی کار دۆزرایەوە، لە ڕاستیشدا ئەم ئامێرانە لەلایەن ژنەوە دۆزرانەوە. هەمووی پەیوەندی بە کاری خودی ژنەوە هەبوو. لەبابەتی دروستکردنی گۆزەو دروستکردنی جل و بەرگ لە پێست و پاشتریش کاری ڕستن و چنینیان دۆزییەوە، قوماشیان دروست دەکرد.

لە سەردەمی کۆچەری و شوانیدا دابەشکردنی کارو پێگەی ژن بە جۆرێکی تربوو. مافی باوك بووە پرینسیپی دەسەلات. کوڕەکان میراتی باوکیان بۆ دەمایەوەو جێگەی باوکیان دەگرتەوەو ژنیش موڵکی پیاو بوو. دەقە کۆنەکانی ئینجیل ئەم ڕاستییە دووپات دەکەنەوە.

گەر وردبینەوە لە پەیوەندی نێوان ژن و پیاو لە ئایینەکانی پێش مێژوو دەبینین ئەو بتانەی کە پیاوبوون بە هێما ئاسمانیەکانەوە گرێ دراون، کەچی بتە ژنەکان بە هێمای زەوییەوە گرێ درابوون، لەوێش پیاو هەر لە سەرووی ژن بووە،

لەسەرەتاشەوە وایان بیردەکردەوە کە ئاسمان لە زەوی نزیك بووە، بەڵام شتێك ڕووی داوەو بووەتە هۆی دوور کەوتنەوە لەیەك و جیابوونەتەوە، ئەفسانەی لەم شێوەیە و بە شێوەی جیاواز لای زۆربەی میللەتان هەیە. لە کولتووری بەرزەکانی ناوچەی دەریای ناوەڕاست، ئایین و ئەفسانەی وا دۆزراونەتەوە کە "بتە، خودا" ژنەکان جێگەیەکی شیاو و بەرچاویان هەیە، کەسایەتیی خوداژنەکان جیاواز بوون و ڕۆڵی هەمەچەشنەیان هەبووە.

لە میتۆلۆژیای میسریدا گەلێ خودای ژنی بەدەسەڵات و شایستە هەبووە. وەك خودای هاسوور وەك ژن و کچی خودای هەتاو "ڕاموون" تەماشاکراوە، سەری لە شێوەی سەری مانگا بووە، تیشکی ڕۆژیش لە نێوان شاخەکانییەوە پرپشکی داوەتەوە. خودایەکی تر هەیە بە ناوی ئیسیس کە ژنی ئۆسیریس بووەو دەسەڵاتی بەسەر وڵاتی مردندا هەبوو. ئیسیس خودای بەرەکەت و دایکایەتی بووە، یەکێ لەو ئەفسانە ناودارانەی کە ماوەتەوە باسی ململانێی نێوان خودای چاکە "ئۆسیریس" و خوادی خراپە "سێپ" دەکات. دیارە لە ئەنجامی ئەو ململانێیەدا ئۆسیریس تێکدەشکێ و ئەوجا ئیسیس گەشتی هەموو جیهان دەکات و پارچەکانی ئۆسیریس کۆدەکاتەوە و ژیانی بەبەردا دەکاتەوە. ئیسیس دایکی منداڵەکانی هۆروسە. تا ئەم ساڵانەی دوایی و کاتی بڵاوبوونەوەی ئایینی مەسیحی هەندێ دابو نەریت مابوونەوە کە پاشماوەی کولتوری ئیسیس بووە. کەوتووەتە ململانێ لەگەڵ ئایینی مەسیحیدا.

لە ئەفسانەی سامییەکاندا ناوی خودایەکی ترهەیە، ئەویش خودای عەشتارە، ئەمیش خودای بەپیزی و خۆشەویستی، هەروا خودای تێکۆشان بووە. بەپێی ئەو ئەفسانانەی کە بڵاون عەشتار دابەزیوەتە خوارەوە بۆ وڵاتی مردن تا مێردە مردووەکەی "تاموز" بهێنێتەوە. بەڵام لەلایەن خودای مردنەوە دەستی بەسەردا دەگیرێ. ئیتر لەو کاتەدا مرۆڤ و ئاژەڵ لە زاوزێ دەکەون. لە ئەنجامی هەوڵدانی ئەو خودایانەی کە دەسەڵاتێکی بەرزتریان هەبووە، عەشتار هێنرایەوە سەر زەوی و بەڵێنی پێدرا کە لە ساڵێکدا ماوەیەك لەگەڵ مێردەکەی بمێنێتەوە.

دیارە ژمارەیەکی زۆر لە خوداکانی گرێك ناسراون و لە زۆر سەرچاوەدا ناویان هاتووە. لەوانە گایە "خودای زەوی و خودای دایکان" بووە، هەروا ئەفرۆدیت کە خودای دەریاو خۆشەویستی بووە، ئەم خودایە بۆ گرێکەکان وەك عەشتار وابووە. پاشان خودای دەمێتر دێت کە خودای ڕووەك و دانەوێڵە بووە.

زۆر شت سەبارەت بە کەلەپووری ئەو سەردەمە لەو ئەفسانەیەدا بەرجەستە بووە کە لەسەر پێرسیفۆنێ بووە، پێرسەفۆن کچی خۆشەویستی دیمێتریس بووە و لەلایەن خودای مەملەکەتی مردنەوە " هادێس" ڕفێنراوە. لەتاو ئەو خەفەتە،

گەشەی ڕووەکی وەستاندووەو داوای لە زیۆس کردووە کە ببێتە پەیامبەری ئەم لەلای هادێس و ڕازی بکات کچەکەی بداتەوە. لە ئەنجامدا پێرسۆفۆنی ماوەیەك لەلای دایکی دەمێنێتەوەو پاشماوەی ساڵەکە دەگەڕێتەوە بۆ لای هادێس و دەبێتە شاژنی مەملەکەتەکەی هادێس. ئەم ئەفسانەیە باس لە زۆر دابونەریتی ئاییني دەکات کە پەیوەندی بە ژیانی پاش مردنەوە هەیە.

خودایەکی دەسەڵاتداری دیکەی ژن بەناوی پەلاس ئەتینایە، بە پێی ئەو ئەفسانەیە ئەم خودایە لە سەری باوکییەوە "زیوس" هاتووەتە دەرەوە، یەکسەریش لای ڕاست باوکیدا دەرکەوتووە و بووەتە ڕاوێژکاری باوکی، لەکاتی شەڕ و ئاشتیدا ئەم خاوەنبڕیار بووە. خودای زیرەکی و زانست بووە، زانستی گرنگ و پڕبایەخی فێری ئەوانە دەکرد کە چاوەڕوانی مردنیان دەکرد وەك زەوی کێڵان، ئەسپ بەخێوکردن، هەروا ئەو کارانەی کە دەبووایە ژنان بیانزانیایە، لە بابەتی چنین و ڕستن. پەلاس بە خودای پاکژی دادەنراو هەر ئەم بوو زەیتوونی بە خەڵکی ئەتینا بەخشی و هەر ئەمیشیان بە خودای پاراستنی شار دادەنا.

ئەوەی ئەفسانەو خواوەندەکان سەبارەت بە ژیان و پەیوەندی خەڵك پێمانی دەبێژن، وێنەیەکی خویا و ڕاشکاو لای ئێمە دروست ناکات سەبارەت بە ڕۆڵی ژن لە کۆمەڵگاو لە کەلەپووری ئایینەکاندا.

**گرێك لە سەردەمی کلاسیکدا "هێلینزم"**

سەبارەت بە ڕۆڵ و پێگەی ژن لە کات و ژینگە جیاوازەکانی یۆنانی کۆندا زۆر زانیاری ماوەتەوە. بەپێی ئەو زانیارییانە ژن لە کرێتەو یۆناندا تا ڕادەیەکی باش ئازاد بووە. بۆ ڕاستیی ئەم زانیارییەش پشت دەبەستین بەو تابلۆ و وێنەو شتانەی ئەوسەردەم کە ماونەتەوە، بۆ نموونە ئەو شتانەی لە ئەلیادە و ئەدێسەوە هاتوون، دیارە ئەوانە وەك سەرچاوەیەکی مێژوویی ڕاست و دروست ناتوانرێ پشتیان پێ ببەسترێ.

ئەو شارە کولتوورییانەی لە ساڵی ٦٠٠ پێش زایینی هەبوون نەکەوتبوونە خودی یۆنانەوە، بەڵکو ئەو دوورگانە بوون کە لە دەوروبەری ئەتینا بوون وەك "میلێتوس، ئێفێسوس". وا دەردەکەوێت ژنان لەوێ خاوەنی ئازادی و کەسایەتیی خۆیان بووبن و بواری خوێندن لەبەردەمیاندا کراوە بووبێ، نموونەی بەرزی ئەم توێژە، شاعیری ناوداری یۆنانە سەفۆیە، کە لە دوورگەی لێسبوس ژیاوە. لەگەڵ ئەوەی بەشێکی زۆری بەرهەمەکانی فەوتاون، بەڵام هەموو سەرچاوەکان ئەوە دەگەیەنن کە کەسانێکی زۆر لە سەردەمی ئەودا و پاش مردنیشی خولیای بەرهەمەکانی بوون. لە بەرهەمەکانیدا ستایشی کیژانی توێژە دەوڵەمەندەکان دەکات و لە هەمان کاتدا بە چاوێکی پڕ خۆشەویستی باسی قوتابیانی خۆی دەکات، هەندێ سەرچاوە ئاماژە بۆ لێسبییسکی سەفۆ دەکەن، بەڵام پاشتر ئەوە

دووپاتکراوەتەوە کە مەرج نییە ئەم زانیارییە ڕاست بێ.

هەندێ سەرچاوە سەبارەت بە ئەتینا و سپارتە لە ساڵی٦٠٠ پێش زاینی ماونەتەوە کە دەکرێ پشتیان پێ ببەستین. لە سپارتە ژنان ئازاد بوون، توانیویانە ئازادانە بگەڕێن و هەروەك پیاو بەشدارییان لە وەرزش و جومناستیك کردووە بە مەبەستی پەروەردەو تەندروستی.

کەچی لە ئەتینا ژن لە ماڵە دەرگا داخراوەکاندا دەژیان و شوێنی تایبەتی بۆ ژنان جیادەکرایەوە، گەر بۆ مەبەستێکیش بچوونایەتە دەرێ، دەبوایە کەسیکیان لەگەڵدا بووایە، چونکە بەتەنیا بۆیان نەبوو بچنە دەرەوە. پیاو بژێوی بۆ خێزان پەیدادەکرد و ژنیش لێپرسراوی تەدارەکی ناوماڵ و پەروەردی خێزان بووە. تەنیا پیاوان بەشداری چالاکییە گشتیەکانیان دەکرد و لە شوێنە فەرمییەکاندا دەبینران، هەروا پیاوان دەیانتوانی خۆیان بۆ وەرزش و شانۆ و سیاسەت تەرخان بکەن و لەگەڵ پیاوانی تردا لەسەر ئەو بابەتانە گفتوگۆبکەن.

کاتێ مێوان بهاتایە ماڵان دەبوایە ژنان خۆیان نیشان نەدایە، بەم شێوەیە بازنەی جوڵاندنەوەی ژنان و پەیوەندییان لەگەڵ جیهانی دەرەوە زۆر تەسك بوو.

ئەمەی باسکرا باری ژنانی چینە دەوڵەمەند و دەسەڵاتدارەکان بوو، هەرچی ژنانی چینەکانی تر بوون، ئەوا ناچاربوون کاربکەن و بژێوی خۆیان دابین بکەن، ئەم ژنانە شتیان لە گۆڕەپانەکاندا دەفرۆشت، ژنانی توێژە هەژارەکان ناچاربوون ئەو کارانە بکەن بۆ دابینکردنی دەرامەت و بەڕێوەبردنی ژیانیان، لەگەڵ ئەوەشدا بەرامبەر بەو کارانەی کە ئەوان دەیانکرد پارەیەکی کەمیان وەردەگرت و گەلێکیش ماندوو دەبوون، هەروا بە چاوێکی سووکیشەوە سەیری ئەو جۆرە کارانە دەکرا. پیاوانی ئەتین بەنابەدڵییەوە بە گەنجی ژنیان دەهێنا، تەنیا لەبەرئەوەی ئەرکی خۆیان بەرامبەر دەوڵەت بەجێ بگەیەنن و نەوەی نوێ بنێنەوە. هەربۆیە پەیوەندییەکی هێندە قوڵ و گەرموگوڕیان لەگەڵ ژنەکانیاندا نەبوو. لە یۆناندا شێوە ژیانێك باوبوو کە پیاوان بێجگە لە ژنەکانی خۆیان مافی ئەوەشیان هەبوو پەیوەندییان لەگەڵ ژنانی تردا هەبێت، ئەو ژنانە کەسانێکی ئازاد بوون یان کۆیلەی ئازادکراو بوون، بە شێوەیەکی گشتی ئەم ژنانە خوێنەوارو ڕۆشنبیر بوون و پەیوەستی هەندێ داب و نەریت نەبوون، بۆ نموونە دەیانتوانی بەتەنیا بچنە دەرەوە بێ ئەوەی کەسێکیان لەگەڵدا بێت. زۆربەی ئەم ژنانەش لە شارە بچووکەکانی بەشی ئاسیای یۆنان بوون. ئەم ژنانە تەنانەت بەشداری کاروباری سیاسیشیان دەکرد.

پیریکلیس کە پێشتر باسمان کرد لە ژنە یۆنانییەکەی خۆی جیابووەوە و ژیانی لەگەڵ یەکێ لەو ژنانە بە ناوی ئەسپاسیا بردە سەر. ئەم ژنە

ئارەزوو و شارەزاییەکی زۆری لە بواری زانستدا هەبوو، ژمارەیەکی زۆر پیاوی لە دەوری خۆی کۆکردبووەوە بە مەبەستی گفتوکردن لەسەر زانست و فەلسەفە، یەکتریان دەبینی. زۆر لە هاوسەردەمەکانی باسی پەیوەندی هاوڕێیەتی ئەسپەسیایان لەگەڵ سوکرات و پیاوانی خاوەن دەسەلات و هەڵوێست لە سیاسەتدا کردووە. دیارە ئافرەتێکی وا ڕووبەڕووی سوکایەتی و توانج دەبێتەوە. بە تۆمەتی بڕوا نەبوون بە خوا و هەندێ تۆمەتی ئەخلاقی دادگایی دەکەن، بەڵام لە ئەنجامی دادگاکردنەکەدا ئازاد دەکرێ و هیچ یەکێ لەو تۆمەتانەی لەسەر ئیسپات ناکرێ.

کاتێ پلاتۆن لە بەرهەمەکەی "دەوڵەت" باسی باشترین شێوە دەکات بۆ دامەزراندن و بەڕێوەبردنی دەوڵەت، خودی یۆنان بە نموونە ناهێنێتەوە، بەتایبەتی ئەوەی کە پەیوەندی بە بار و پێگەی ئافرەتەوە هەیە. پلاتۆن لە باسەکەیدا سەبارەت بە دەوڵەتێکی نموونەیی دەڵێ دەبێت ژن لەکۆمەڵگادا وەك پیاو هەمان ئەرك و ڕۆڵی هەبێت، هەروا لە بواری شەڕیشدا، لەبەرئەوەی ژنانیش هەمان خوێندەواریان هەیە، دەتوانن کاتی خۆیان بۆ خوێندن تەرخان بکەن. پلاتۆن لەو بڕوایەدایە کە ژن وەك پیاو هەمان توانای فیزیکی و نەفسیی هەیە، گەرچی ژن تۆزێ لاوازترە.

پلاتۆن لە دەوڵەتیکی نموونەیدا باس لە سێ لایەنی گرنگ دەکات و بە سێ بەشی لایەنی ڕۆحی مرۆڤی دادەنێت: سەرکردە/ عەقڵ، پاسەوان/ ئازایەتی، کارکەران/ ئارەزوو. دەوڵەت دەبێت ڕۆڵی پێویستی خۆی لە پەروەردەکردن بەجێ بگەیەنێ بۆ ئەوەی هەریەکە لەو لایەنانە ئەرکی خۆیان رابپەڕێنن. پلاتۆن کاتێ باسی خوێندنی پاسەوانەکان دەکات دەڵێت ئا لێرە دەبێت ژنان لەگەڵ پیاواندا یەکسان بن و هەمان بواریان بۆ بڕەخسێ: "دەتوانین ڕێگە بە ژنە پاسەوانەکان بدەین جلیان بگۆڕن، چونکە پاکی و بێگەردی ئەوان لە جلوبەرگیان دایە. ڕێگەیان بدەین لە شەڕدا بەشداری بکەن و پاسەوانی دەوڵەت بکەن، لەجیاتی ئەوەی بە شتی ترەوە خەریك بن. لەبەر هۆکاری ڕەگەزییان وەك ژن لەوانەیە لە پیاو بێهێزتر بن بۆیە دەکرێ کارێکیان بدرێتێ کە ئاسانتر بێت. ئەوانەشی گاڵتەیان بەو ژنانە دێت کە بە ڕووتی و بەباشترین شێوە ڕاهێنان بۆ بەهێزبوونی جەستەیان دەکەن، وەکو ئەوە وایە بەرهەمی زیرەکییەکی پێش ئەوەی پێبگا لێبکەنەوە.

پاش پلاتۆن ئەرستۆتل هات، لەگەڵ ئەوەی پلاتۆنی بە مامۆستای خۆی دادەنا، بەڵام بۆچوونیان لە مەڕ ژن زۆر جیاوازبوو. بەپێی بۆچوونی ئەرستۆتل پیاو بنیاتنەرو شێوەکارە، لەکاتێکدا ژن تەنیا خولقێنەری منداڵە. ژن لە پیاو جیاوازە و هەر لە سروشتەوە لەڕووی فیزیکی و نەفسییەوە لە پیاو بێهێزترە و بۆیە دەبێت ئەرکەکانیشی لەهی پیاو جیاواز بن "واتە کاری

ماڵەوە" پیاویش لە دەرەوەی ماڵ لە کۆمەڵگادا دەبێت بەکاربێت".

ئەرستۆتل دەنووسێ:... سروشت وای کردووە کە یەکی لە ڕەگەزەکان بەهێزبێت و ئەوی تریش بێ هێز. بێ هێزەکەیان لە کاتی مەترسی و ترسدا لەلایەن بەهێزەکەوە بپارێزرێ، بەهێزەکەشی دەسەڵاتی بەدەستەوە بێت. بەهێزەکە شتەکان ببات بۆ بازار بۆ فرۆشتن و ئەوی تریشیان ئەوەی هەیە لە ماڵەوە بپارێزێ...

لە مێژوودا ئەم دوو فەیلەسووفە ببوونە پێشڕەوی دوو ڕەوتی جیاواز، ڕەوتێکیان بانگەشەی ئەوە دەکات کە ژن دەبێت هەموو بوارێکی خوێندنی لەبەردەمدا بکرێتەوە و هەموو مافێکی تری هەبێت. پێشڕەوی ئەم ڕەوتەش پلاتۆنە. ئەوانەشی کە دژی ئەم ڕەوتە بوون ئەرستۆتلیان بە پێشڕەوی خۆیان دادەنا.

ئەلیکساندەری گەورە لە ساڵی ٣٠٠ پێش زاینی کەوتە فراوانکردنی ئیمپراتۆریەکەی خۆی، بازنەی کولتوری یۆنانی پەرەی سەند، سنووری ئیمپراتۆرییەکەی هیندستانیشی گرتەوە. هەر بۆیە شێوەی ژیان و کولتور و هزری یۆنانی تێکەڵ بە توخمی تازەی نەتەوەکانی تر بوو. بیرۆکەی ئەوەی ژن یەکسانە بە پیاو لەلایەن زۆر فەیلەسووفی ترەوە پەیرەو کرا و ئەم بیروبۆچوونە لە بوارەکانی تری ژیاندا ڕەنگی دایەوە. لە سەرەتاوە کاری لە کولتوری ڕۆمانی و پاشان لە مێژووی کولتوری ئەورووپا کرد.

یەکێ لەو فاکتەرە گرنگانەی کە کاری کردە سەر پێگەی ژن، ئایینی مەسیحی بوو. لێرەشدا بۆچوونە جیاوازەکانی پلاتۆن و ئەرستۆتل کاریان کردبووە سەر تێگەیشتن و شیکردنەوەی تێکستەکانی ئینجیل و هەندێکیان زیاتر بەلای بۆچوونی ئەرستۆتل و ئەوانی تریش بەلای پلاتۆندا دایان دەشکاندەوە.

لە سەردەمی کولتوری کلاسیکی گریکدا بە بەراورد لەگەڵ ئەتینادا ژن ئازادتر بوو هەروا لە کۆمەڵگاشدا پێگەیەکی دیاری هەبوو. هەر لەو سەردەمدا قوتابخانەی کچان کرایەوە، مامۆستای ژن و خوێنەوار هەبوون، لەوانە پرۆفیسەر هوپاتیا کە لە کۆتایی ٣٠٠ پێش زایندا وانەی ماتیماتیک و فەلسەفەی دەوتەوە، لە گوتاربێژیدا ناوبانگی دەرکردبوو. ژمارەیەکی زۆر قوتابی لە دەور کۆببوونەوە. ناوبانگ و کاریگەریی ئەم ژنە، مەسیحییە توندڕەوەکانی بێزارکردبوو، هەربۆیە لەلایەن کەسانێکی سەر بەم ڕەوتە کوژرا.

یەکێ لەو ژنە بەناوبانگانەی ئەم ڕەوتە کولتورییە کیلۆپاترا بوو لە میسر، کیلۆپاترا شاژنێکی جوان و ڕۆشنبیرێکی ئاست بەرزبوو. لە ڕێگەی تێکەڵاوی و پەیوەندی لەگەڵ قەیسەر و ئەنتۆنیۆس کاریگەریی لەسەر کولتوری ڕۆمانی هەبوو.

**ژن لە ئەدەبی گریکیدا**

وێنەی ئەو ژنانەی کە لە ئەدەبی گریکیدا هاتوون گەلێ جیاوازە لەو ڕۆڵەی کە بە ژن دراوە لە سەرچاوە مێژووییەکاندا. بۆ نموونە ئەو سەرچاوانەی باس لە سەردەمی ئەتین دەکەن، ژن وەك سێبەری پیاو و لە چاوی پیاوەوە دەبینن.

لە ئۆدیسەی هۆمیرۆس دوو کەسایەتی بەهێز و ئازادی ژن دەبینین، ئاندراماکێ و پینێلۆپ، ئەم دوو کەڵە ژنە وێنەی ژنی ئیدیالن، هەروا ناوسیکە کە کچە پادشایە زۆر بە میهرەبانی و چاونەترسییەوە پێشوازی ئۆدیسە دەکات.

لەو تراژیدیانەدا وێنەی ژنی چوست و بەهێز و خاوەن ویست دەبینین، وای بۆ دەچین وێنەی ئەم ژنانە لە پاشماوەی سەردەمی دایکسالارییەوە وەرگیرابێت، لە ڕۆژهەڵاتی دەریای ناوەڕاستدا ژیابێتن، پێش کۆچی هۆزو تیرەکانی گریکەوە بێت بۆ باڵکان. ژنانی ئەم تراژیدیانە سەریان بۆ ناڕەوایی سیستەم شۆڕنەکردبوو. ئەوان خاوەنی هێز بوون و دژی ئەو سیستەمە ڕاپەڕیون. ئەنتیگۆنە لە درامای سۆفۆکلیس کچێکی ئازاو خاوەن هەڵوێستە و بڕوای بەخۆی هەیە. هەربۆیە دەوێرێ سنووری ڕێساکانی پاشایەتی بشکێنێ و ڕازی نابێ ملکەچی دەسەڵات بێت. بەبێ ترس بەرەوڕووی مردن دەڕوات، دەیەوێت بە ویژدانەوە بژی.

ئێریپیدیس لە بەرهەمەکانیدا وەسفی دوو کەسایەتیی جیاوازی ژنمان بۆ دەکات، ئەلکێستیس ژنێکی خۆبەختکەرە، لە پێناوی مێردە خۆپەرستەکەی ئامادەیە خۆی بەکوشت بدات. مێدێیا لە قوڵایی دڵەوە بریندارکرا، بڕیاری دا تۆڵەی خۆی بکاتەوە. مێدێیا لەبەرخاتری یاسون حاشای لە وڵات و کەسوکاری خۆی کرد، وازی لە هەموو شتێك هێنا، کاردانەوەی بەرامبەر بێوەفایی و بێبەڵێنی یاسۆن، زەبرئامێز دەبێت. بەدوای تۆڵەسەندنەوەیەکی هەژێنەر دەگەڕێ. لە کۆتاییدا منداڵەکانی خۆی دەکوژێ بۆ ئەوەی تۆڵە لە باوکیان بکاتەوە.

هەروەك چۆن ئازایەتی و چاونەترسی ئەنتیگۆنە لە سەرووی تواناکانی مرۆڤەوەیە، هەروا ئیرەکردنەکە و تۆڵەسەندنەوەکەی مێدێیاش لە سەروی تواناکانی مرۆڤەوەن. دیارە پاڵەوانەکانی ئەم تراژێدیانە بە ژن و پیاوەوە خوێنی خێزانی پادشاییان تێدابووە، هەربۆیە لە کاری خراپەو چاکە لە مرۆڤی ئاساییان تێپەڕاندبوو.

کەچی لە کۆمێدیای لیوسیستراتی باس لە چەند ژنێکی خواسایی کۆمەڵگا دەکات، لێرەدا ئەرستۆفانس ڕێگە بە ژنان دەدات ڕۆڵی سەرەکی ببینن و لەگەڵ ژنانی ئەتین و سپارتە ماندەگرن بۆ کۆتایی پێهێنانی شەڕ و پەنابردنە بەر چارەسەری ئاشتییانە.

**ژن لە ڕۆمی کۆندا (ئەنتیکدا)**

لە مێژووی هەرە کۆنی ڕۆمەوە تا کۆتایی ئەنتیك واتە ساڵانی ٤٠٠ پاش زاینی گەلێ گۆڕانکاری گەورە بەسەر کۆمەڵگادا هاتوون، لەو پرۆسەیەدا دەتوانرێ هەندێ گۆڕانکاری بەدی بکەین کە پەیوەندییان بە ڕۆڵی ژن لە کۆمەڵگادا هەبووە.

لەو کۆمەڵگایەدا ژنی ئازاد، شوکردوو، ژنی پیر کە لە زۆربەی حاڵەتەکاندا شویان کردبوو (هەندێکیان سەربە خێزانی خاوەن پێگە "پەترسیار" هەندێکیان سەر بە خێزانی هەژار"پلێبێی" بوون) پێگەو حیسابی خۆی هەبوو، بەڵام ژنانی کۆیلە حیسابیان بۆ نەدەکرا. تا ساڵی ٤٤٥ ی پێش زاینی شوکردن و ژنهێنان لە نێوان خێزانی ئەو دوو چینە جیاوازەی کۆمەڵگا قەدەغەبوو. ڕێگەدان بە ژن و ژنخوازی لە نێوان هەردوو چینەکە کارێکی ڕاستەوخۆی کردە سەر پێگەی ژن لە کۆمەڵگادا.

پێشتر ژن کە شووی دەکرد لەژێر چاودێری و سەرپەرشتی مێردەکەیدا بوو، پاش پەیدابوونی ژن و ژنخوازی تێکەڵاو، ژن کەوتە ژێر ڕکێف و سەرپەرشتی باوکەوە، ژن لە ڕووی ئابوورییەوە بە مێردەکەی نەدەبەسترایەوە. ئەم شێوەیە لە ماوەی حوکمی کۆماریدا زیاتر تەشەنەی کرد و ئاسایی بوو. هەندێ جاریش ئەو سەرپەرشتیە هێندە ڕۆڵی نەبوو، یان باوك بە شێوەیەك هەوڵی دەدا کە خۆی لەو ئەرکەی بدزێتەوە و بەو جۆرەش هێندە دەسەڵاتی نەداما بەسەر کچەکەیدا.

لە ڕۆمی کۆندا ژن دەسەڵاتی خۆی هەبوو لە کاروباری ناوماڵدا و لە هەموو ژوورەکانی ئەو ماڵە دەژیا نەك وەك جاران دەبوایە هەر لەو ژوورانە بوایە کە تایبەت بوون بۆ ژن. هەروا کاری ناوماڵ و پەروەردەکردنی منداڵیان بە ژنانی کۆیلە دەسپاردو خۆیان مشوری مێردەکانیان دەخوارد و بەشدارییان دەکرد لە هەڵسوڕاندنی کار و موڵکیاندا. لە بۆنەو ڕێورەسمی ئایینی بەشدارییان دەکرد و هەروا دەیانتوانی بچنە شانۆ و سێرك.

لەگەڵ ئەوەی هەندێ ژن بەشداریان نەدەکرد لە کارو بەڕێوەبردنی موڵك، بەڵام بەشێکی هەر بۆ ئەو دەبوو. تەنانەت لەکاتی جیابوونەوە بەشێکی موڵکەکە دەدرا بە ژنەکە. جیابوونەوەش تا دەهات ئاساییتر دەبوو، ئەمەش پاڵی بە ئافرەتەوە نا زیاتر پێ لەسەر بەرژەوەندی و مافەکانی خۆی دابگرێ. کە ژن جیادەبوەوە، شووی دەکردەوە، ژنێکی جیابوەوە سوکایەتی پێنەدەکراو بە خەتابار دانەدەنرا لە پرۆسەی جیابوونەوەکە. خوشکەکان هەروەك براکانیان میراتیان بەردەکەوت، هەروا ژن میراتی مێردەکەی بۆ دەمایەوە. ژنی چینە دەوڵەمەندەکان زۆر دەوڵەمەند بوون، زۆرجار لە مێردەکانیان دەوڵەمەندتر دەبوون، بۆیە هەندێ جار پیاوەکان هەوڵیان دەدا ڕێگەیەك بدۆزنەوە کە سنوور بۆ سەروەت و سامانی خۆیان دانێن، ئەم

گۆڕانکارییانه له ماوەی حوکمی کۆماریدا بەردەوام بوون.

لەسەردەمی حوکمی قەیسەردا وردەوردە مەسەلەی سەرپەرشتیاری ژنیان بە تەواوەتی لابرد و ژن ئازادتربوو. یاسای ژنوژنخوازی ئاوگوستوس زۆر بەکەڵك بوو له پرۆسەی ئەم ئازادکردنەدا. ئەو ژنانەی زیاتر له سێ منداڵیان هەبووایه بەشێك له موڵکی مێردەکانیان بەردەکەوت. تەنانەت ئەو ژنانەی کە پیاوەکانیان سەرپەرشتیاریان نەبوون. هەروا ژنان مافی ئەوەشیان هەبوو کە داوای جیابوونەوە بکەن، لەکاتێکدا پێشتر هەر پیاو ئەو مافەی پێڕەوابوو.

لەسەرەمی قەیسەر هادرایانووس هەندێ گۆڕانکاری تر بەسەر ئەو یاسایانەدا هات کە پەیوەندینیا بە لایەنی یاسایی باری ژنەوە هەبوو و ژن لە ڕووی ئابوورییەوە ئازادتر بوون.

یەکێ لەو فاکتەرە گرنگانەی کە بەرژەوەندی ژنی زۆر تێدابوو، ئەوەبوو کە کیژان بواری خوێندنیان بۆ کرایەوەو فێری نووسین و ژماردن بوون. ئەم هەنگاوە گەلێ سوودی بۆ ژنان هەبوو کە پاشتر کەڵکیان لێ وەردەگرت لە بەڕێوەبردنی ئەو کارە ئابوورییانەی کە پەیوەندییان بەبەڕێوەبردنی سەروەت و سامانەوە هەبوو. هەوا ئەو ژنانە پاشتر بەردەوام بوون لە خوێندندا و پەرەیان بە خوێندن و تواناکانی خۆیان دا کە کاریگەرییان هەبوو لە سەر کۆمەڵگا.

مێژووی ڕۆمانی گەلێ نموونەی ئەو ژنانەمان دەداتێ کە پلەو پێگەی شیاویان هەبووە، وەك کۆرنێلا، هەر زوو بێوەژن کەوت و پشتی بە خۆی بەست و ژنێکی ئازاد بوو، خۆی تەرخان کرد بۆ پەروەردەکردنی کوڕەکانی و یارمەتی لە مامۆستایانی گرێك وەردەگرت.

ژنان بە شێوەیەکی ناراستەوخۆ بەشدارییان لە ژیانی سیاسیدا دەکرد. کاریگەری ژن لە سیاسەتدا زیاتر لە ڕێگەی مێردە خاوەندە سەلاتەکانیانەوە بوو. ژن هەوڵی دەدا لە گەمە و پلانە سیاسییەکاندا ئەکتیڤ بن. زۆربەی ژنانی قەیسەرەکان وەك کەسایەتیەکی گرنگ و کاریگەرو خاوەن ڕۆڵ لە مێژوودا باسکراون. پلۆنیتە ژنی ترایانووسی قەیسەر هاوبەشی دەکرد لە دەسەڵات و بەڕێوەبردنی کارەکانی مێردەکەی، لەگەڵ مێردەکەیدا ئامادەی گفتوگۆو ڕووبەڕووبوونەوەی پارتەکانی تر دەبوو. کە مێردەکەشی لە سەرەمەرگدا بوو، داوای لەو کرد پاش مردنی وەسیەتنامەکەی جێبەجێبکات سەبارەت بەوەی کێ جێگەی بگرێتەوە. هەدریانووس جێگەی گرتەوەو ئەویش ژنێکی وریای هەبوو لە هەموو گەشتەکانیدا لەگەڵیدا بوو. زۆربەی ژنانی قەیسەرەکان خۆشەویست و خاوەن پێگە بوون، تا لەژیاندا مابوون گەلێ پەیکەریان بۆ کرابوون، وەك خودا سەیرییان دەکردن.

لەگەڵ ئەوەی ژنان لە ڕۆما ئازادتردەبوون بەڵام هێشتا بواری کار لەبەردەمیاندا نەکرابووەوە. لەگەڵ ئەوەی زۆر لە ژنان کاتیان زۆر بۆ خوێندن و پەرەپێدانی خۆیان لە ڕووی زانست و ڕۆشنبیرییەوە تەرخان دەکرد، بەڵام ئەو ڕۆڵەیان پێ نەدرابوو. هەندێکیان فەلسەفەیان دەخوێند و هەندێکیان بوونە نووسەر. لە سەر کێلی گۆڕەکانی هەندێ ژندا نازناوی زانستییان لەسەر نووسراوە.

ئەمانەی کە باسمان کرد تەنیا باسی ئەو ژنە ئازادانە بوون کە سەر بە چینی دەوڵەمەندو ئەرستۆکراتیەکان بوون و زانیارییان لەسەر بەجێماوە. جگە لەمانیش لە ڕۆما ژمارەیەکی زۆری کۆیلە هەبوون بە ژن و پیاوەوە، ئەمانە زۆربەی کارەکانیان هەڵسوڕاندووە. ئەمانە نەك تەنیا کاری فیزیکیان کردووە بەڵکو کاری ڕۆشنبیریشیان کردووە، هەندێکیان وەك پزیشك و بەڕێوەبەری کتێبخانە، زۆربەی ئەو کارانەی لەماڵدا دەکران ژنە کۆیلەکان دەیانکرد. ئەو ژنە کۆیلانەی کە ئازاد دەکران ئیشی تریان دەکرد، هەندێکیان قژبڕی یان دروومانیان دەکرد یان دوکانیان هەبوو.

ژنان بەشدارییان لە ژیانی ئاینیدا دەکرد. ژمارەیەك لە ژنان لە پەرستگای ڤێستا دەمانەوە بۆ چاودێری ئاگری ئەو خودایە. ئەم ژنانە هەر لە منداڵییەوە لەلایەن خێزانەکانیانەوە دەست نیشان دەکران و لە تەمەنێکی زووەوە دەنێران بۆ پەرستگاو دەبوایە ماوەی سی ساڵ لەوێ بمانایەتەوەو یەکێ لە مەرجەکان ئەوبوو ئەو کچانە دەبوایە پاکیزەیی خۆیان بپارێزن. پاش ئەو سێ ساڵە دەهاتنە دەرەوەو مافی ئەوەیان هەبوو کە شوو بکەن. لە کۆمەڵگادا ڕێزێکی زۆریان لەم عادەتە دەگرت.

ژنانی بەتەمەن بە تایبەتی بەشدارییان لە هەموو ڕێورەسم و سیرمۆنییە ئاینیەکاندا دەکرد. لە ماوەی حوکمڕانی قەیسەرەکاندا کە زۆربەیان بەرەو کولتوری ڕۆژهەڵاتی دەڕۆیشتن، کاریگەری خواوەندی ئیسیس زۆربوو، زۆر ژنان بەلای ئەو ڕێورەسمە ئاینییەدا ڕادەکێشران. هەروا لە کۆمەڵە مەسیحییەکاندا ژنان ئەکتیڤ بوون و بەشدارییان لە چالاکییە ئاینییەکاندا دەکرد.

بە بۆچوونی سیمۆن دیڤوار ئەو ئازادییەی کە ژن هەیبوو لەو سەردەمەدا شتێکی ڕووکەش بوو لەبەرئەوەی ئەوان پاشکۆی مێردەکانیان بوون و ئەو ئازادییەی کە ژن هەیبووە لەو سەردەمەدا بۆش و بەتاڵ بووە.

### سەدەی ناوەڕاست لە ئەوروپا

کاتێ دەوڵەتی ڕۆمانی ڕۆژئاوا کەوت و لەناوچوو و کۆچ و پەرش و بڵاوبوونەوەی گەلانی ئەلەمانی، عەرەبی و سلەڤیانی پەرەی سەند، کولتورێکی هەمەلایەن و مۆزایك لە ئەورووپادا سەری هەڵدا. ئەو هێزەی کە دەسەڵاتی کۆکردنەوەی هەموو نەتەوەو کولتورانەی هەبوو

کەنیسەی کاتۆلیکی بوو. هەروا وردە وردە هەندێ دەوڵەت لە ئەوروپا دروستبوون کە لە ناوەڕۆکدا فیۆدال بوون و رەوتی کاتۆلیکیش کۆیدەکردنەوە.

سیستەمێکی کۆمەڵایەتی وا بوو کە گۆڕانکارییەکان زۆر بە هێواشی دەڕۆیشتن. لەم کۆمەڵگا کشتوکاڵییەدا تەنیا توێژێکی کۆمەڵایەتی بچووك بەباشی دەژیان. ڕادەی ژیانی زۆربەی زۆری دانیشتوانی ئەو وڵاتانە زۆر نزم بوو.

سەدەی ناوەڕاست ماوەیەکی درێژخایەنە و زۆر بەزەحمەت دەتوانین بە وردی باسی بارو ژیانی ئافرەت بکەین. لای گەلانی ئەڵەمانی وەك ئەوانەی لە ئەسکەندەنافی دەژیان بەپێی ئەو یاسا نەتەوەیی و داستانە فۆلکلۆرییانەی ئیسلەند کە ماونەتەوەو بەردەستمان کەوتووە وا دەردەخات کە ژن لەسەرەتای ئەو سەدەیەوە تا ڕادەیەکی زۆر ئازاد بووەو پشتی بەخۆی بەستووە. بەپێی ئەو شتانەی کە ماونەتەوە وا دەردەکەوێت کە ژن هاوشانی ڤیکینەکان بەشداری ئەو گەڕان و گەشتانەیان کردووە کە بە مەبەستی داگیرکردن شوێنەکانی تر بووە بۆ نموونە کە چوونەتە ئیسلاند، گرێنلاند و ئەمەریکای باکووڕ. بەپێی ئەو نووسینانەی لەسەر بەردەکان ماونەتەوە باسی ئازایەتی و ئازادی ژنان دەکەن و بەرد و پرد ناوی ئەوانی هەڵگرتووە بە مەبەستی نەمریی ئەو ژن و پیاوانەی لەو گەشتانەدا نەگەڕاونەتەوە مردوون.

**تێڕوانینی دوولایەنەی کەنیسە لە گەشەدا بوو**

تێڕوانینی کەنیسەی کاتۆلیکی رۆڵێکی گەورەی هەبوو لە دیاریکردنی پێگەی ژن لە کۆمەڵگادا. دەسەڵاتی کەنیسە باڵی بەسەر هەموو سنوورە نەتەوایەتییەکاندا کێشابوو، تەنیا تێڕوانینێکی ئاینی نەبوو بەڵکو سیاسی و کولتووریش بوو. تێگەیشتنی کەنیسە یەکلایەنە نەبوو. ئەوەی بڕیاردەر بوو لەو تێگەیشتنە تێکستەکانی ئینجیل، قەشەی کەنیسەکان بوو و پاشانیش ئەروستۆتیل. لەلایەکەوە کەسایەتی ژن لە خودای دایکدا بەرجەستە دەبوو:" دایکەکەمان پڕە لە پاکی و میهرەبانی، نوێژ و دوعاکانمان روو لەوە، کەتدرالییەکانمان "کەنیسەی کاتۆلییەکان" بۆ ئەو کراون." لەلایەکی ترەوە باس لە کەمنرخی ژنان دەکرا ئەویش بە پشتبەستن و گەڕانەوە بۆ تێکستەکانی ئینجیل و قسەو بۆچوونی قەشەو پیاوە ئاینییەکان. بۆ نموونە لە ڕێگەی حەواوە گوناه هاتە جیهانەوە. یان ژن لەو پەراسووە لارە دروستکراوە، ئەمەش وایکردووە کە رۆحی ژن زیاتر بەلای خراپەدا ببات تا چاکە.

لە زۆر لەو ئەفسانە پیرۆزانەی کە لە مێژووی کەنیسەدا زانراوە باس لە پاکی و هێمنی و میهرەبانییەکی بێ سنووری ژنانی شەهید و پیرۆز دەکات. بەڵام لە کۆتایی سەدەی ناوەڕاستدا هەڵگەڕانەوەیەکی سەیر ڕوویدا سەبارەت بە

تیڕوانین بۆ ژن، کە بە وەدواکەوتن و لەناوبردنی ساحیرەکان دەستی پێکرد.

**کۆمەڵگای فیۆدالی و ژنانی چینی دەوڵەمەند**

پێگەی ژن لەکۆمەڵگای فیودالیدا جیاواز بوو، چین و توێژی کۆمەڵایەتیی ژن ئەو پێگەیەی دیاریدەکرد. لەڕووی یاساییەوە بەکورتی دەتوانین بەم شێوەیە باسی بکەین. ژن بە کەسیکی پێگەیوو دانەدەنرا گەر بێوەژن نەبووایە. باوك یان خزمێکی پیاو لێپرسراوی کچی گەنج یان کچێکی قەیرە "شوونەکردوو" بوون. بەبێ ڕەزامەندی ئەو کەسەی لێپرسراویەتی نەیدەتوانی شووبکات. کە شووی دەکرد مێردەکەی دەبووە لێپرسراوی. مافی میراتی ژن لەهی پیاو خراپتربوو، یان هیچ مافێکی نەبوو. گەر بیویستایە بژێوی خۆی وەدەست خات ئەوا لەچاو پیاودا بوارەکان زۆر کەم و سەخت بوون. وەك کارمەندێك لە دائیرەکاندا کاریان پێ نەدەدرا.

ژنی چینە خاوەن دەسەڵات و دەوڵەمەندەکان کاریگەریان هەبوو لە سیاسەتدا و هەندێ جاریش ڕۆڵی بەرچاویان هەبوو. کاتێ مێردەکانیان دەچوون بۆ شەڕ یان لە دەرەوەی ماڵ دەبوون، هەموو کاروبارێك و بەڕێوەبردنی موڵك و سامانەکانیان دەکەوتە ئەستۆی ژنەکانیان. هەندێ لە ژنەکانیش لەگەڵ مێردەکانیاندا دەچوون بۆ شەڕ و گەشتەکان.

مەتیلدا ئەڤ تۆسکانە پاش مردنی مێردەکەی دەسەڵاتی کەوتۆتە دەست و حوکمی فلۆرێنس و هەندێ شارو ناوچەی تری کردووەو بە دادپەروەری و سیاسەتمەدارێکی زیرەك ناسراوە. هەروا لە وڵاتانی باکوور "وڵاتانی ئەسکەندەنافیای ئێستا" مەرگەرێتە وەك ژنێکی ئازاو زیرەك ناسراو بووە.

ژنان لە هۆڵە گەورەکانی پیاوانی دەسەڵاتداردا بینراون، پیاوان هەوڵیان دەداوە ئەو گەرمی و ڕۆمانسییەی کە لەگەڵ ژنەکانیاندا لێی بێ بەش بوون لەو ژنانەدا بدۆزنەوە کە لەو هۆڵانەدا بوون. ژیانی ژن و مێردایەتی وەك ڕێککەوتنێکی نێوان خێزانی هەردوو لایەنەکە بوو، ئەو ڕێککەوتنامەیەش پەیوەست بوو بە دەسەڵاتی خزمەکان و بەرژەوەندی ئابووری. بۆیە ئەو خۆشەویستیەی لە دەرەوەی چوارچێوەی خێزان دەکرا وەك بەرپەچدانەوەی ئەو جۆرە دامەزراندنەی ژیانی خێزانێتی بووە. ژنان دەیانویست خۆشەویستی خۆیان بدەن بەو کەسەی کە خۆیان هەڵیان بژاردووە نەك بەو کەسەی کە بۆی دیاریدەکرێ. پیاوانیش دەبوایە هەموو داخوازییەکانی ئەو ژنانەیان بەجێبهێنایە کە خۆشەویستی و گەرمییان پێدەبەخشین.

لەو سەردەمەشدا ئەو هۆنراوانەی کە دادەنران بۆ بەگزادەو دەوڵەمەندەکان و لەسەر ئەوان دادەنرا. نموونەی بەرزی خۆشەویستیش لەو نووسراوانەدا بەدی دەکرا، ئەمەش لەئەنجامی ئەو پەیوەندییە کولتورییە بوو بە کولتووری عەرەبەوە. لە کۆمەڵگای ئیسلامی ئیسپانیادا ژنان لە زۆر ڕووەوە ئازادتربوون لە ژنانی بەشی مەسیحیی ئەوروپا.

**ژن لە ئاییندا ڕۆڵێکی گەورەی پێدرا**

ژیان لە کەنیسەکاندا بۆ ژن لەو سەردەمەدا دەستکەوتێکی گەورە بوو. بەردەوام شەڕ و ڕاپەڕین هەبووەو دیاردەیەکی ئاسایی بووە، زۆر لە ژنان بۆ ڕاکردن لەو واقیعە و بۆ گەیشتن بە ئارامی و ئاشتی کەنیسەیان کردبووە ئارامگای خۆیان. ڕاهبە پیاو و ژنەکان خۆیان بەکارو خوێندنەوە خەریك کردبوو، قوتابخانەیان کردبووەوە و خزمەتی نەخۆشانیان دەکرد. زۆر لە ژنانی خاوەن پێگەی ئایینی بۆ ئەم قۆناغە دەگەڕێنەوە. جانێ دارك، کە کچێکی لادێی ساکاربووە، راسپاردەی لەخوداوە پێگەیشتووە کە فەرەنسا لەو شەڕە درێژەخایەنە لەگەڵ ئینگلتەرا ڕزگاربکات کە ماوەی سەد ساڵێکی خایاند. پاشان لەلایەن دوژمنانەوە بە دیل گیراوە و لە ناوەڕاستی کەنیسەیەکدا وەك ساحیرەیەك سوتێنراوە. پاش مردنیشی وەك ژنێکی پیرۆز ناوبراوە و یەکێکە لەو ژنانەی لە سەدەی ناوەڕستدا خاوەن کەسایەتییەکی ئایینی بەرز بووە.

هەروا زۆر ژنی ناودار هەبوون، وەك کریستینا لە ستومبیلن، ئەمیش کچێکی ئاسایی گوندەکی بووە وەکو کەسایەتییەکی میهرەبان و پڕخۆشەویستی باسکراوەو دەرکەوتووە.

بیرگیتەی پیرۆز لە وڵاتانی باکور "ئەسکەندەنافی" پێگەیەکی شیاو و گرنگی هەبووە وەك کەسایەتییەکی ئایینی خاوەن پێگەو ڕا مامەڵەی لەگەڵدا کراوە، ماوەی چەند ساڵێك وەك ژنی پیاوێکی خاوەن دەسەڵات ژیاوەو هەشت منداڵی هەبووە. پاش مردنی مێردەکەشی وەحی بۆ هاتۆتە خوارێ کە ژیانی بەرەو ڕەوتێکی تر بردووە، وەك بووك و قسەکەری خودا ناوبراوە. لە وەحییەکی تردا هەندێ پلان و یاسای بۆ هاتە خوارەوە بۆ بەڕێوەبردنی کەنیسە.

گەر وردبینەوە لە مێژووی کەنیسەو بەڕێوەبردنی، ناوی زۆر ژنمان بەرچاو دەکەوێت کە ڕۆڵی شیاویان بینیوە لە هەموو بوارێکدا. لە ساڵانی ١٢٠٠ دا ژنێك لە فەرەنسا پرۆفیسۆر بووە لە فەلسەفەداو دەرسی وتووەتەوە.

لەو باسە مێژووییە ئایناسییەی کەنیسەکاندا دەردەکەوێت کە کەنیسە لە سەدەی ناوەڕاست بەردەوام بووە لە پاراستن و بڵاوکردنەوەی بۆچوونی ئەریستۆتیل لەمەڕ ژن. بەشێوەیەکی زیرەکانە باسی جیاوازی ڕەگەزیی و توانایی هەردوو ڕەگەزەکەیان کردووە بەمەبەستی سەلماندنی کەمتوانایی ژن و نزمی پێگەکەی. لەکۆتایی ئەو سەدەیەدا گەلێ بۆچوونی نوێ دژ بەو ڕەوتە دەرکەوتن، بوونە هۆی پەیدابوونی بزووتنەوەیەکی ڕیفۆرمیستی.

یەکێ لەو ژنە نووسەرە سەرکەوتووانە کە لە بواری مەسەلەی ژندا دەینووسی کریستینە دێ پیسان بوو "١٤٣٠ - ١٣٦٣" کە بێوەژن کەوتبوو لە ڕێگەی نووسینەوە بژێوی بۆ خۆی و منداڵەکانی دابین دەکرد. دژی ئەو بۆچوونانە بوو کە لە تێکستە ئایندا‌سییەکاندا هاتبوو.

## ژن لە شارەکاندا

لە شارەکانی سەردەمی ناوەڕاستدا ژمارەیەکی زۆری ژنی کارەکەر هەبوون. ژنان لە زۆر بواردا کاریان دەکرد، کرێکاری چنین، ڕستن، کاری میتاڵ، نانەوایی و فرۆشیار. هەروا ژنان لە مەیدانەکاندا مریشك و سەوزەو میوەیان دەفرۆشت و کاری تریشیان بۆ خەڵك دەکرد. ئەو ژنانەی ئەم کارانەیان دەکرد، بێوەژن یان قەیرەکیژ بوون و هەروا دەیانتوانی ببنە ئەندامی ئەو کۆمەڵانەش کە ئەوکات بۆ کارمەندان هەبوو. زۆربەی ئەو ژنانەی ئەم کارەیان دەکرد بێوەژن بوون، پاش مردنی مێردەکانیان ناچاردەبوون خۆیان بژێوی خێزانەکانیان دابین بکەن، ئەم ژنانە دەبووایە باجیان بدایە بە دەوڵەت، لەبەرئەوەی باجیان دەدا مافی ئەوەشیان هەبوو لە هەڵبژاردنەکاندا دەنگ بدەن. ژنی شار بە بەراورد لەگەڵ ژنانی ناوچەکانی تردا ئازادتربوون و پێگەو باریان باشتربوو.

بەهۆی شەڕەوە ژمارەی ژنان لە شارەکاندا زیاتر بوو لە پیاوان. لە لادێ و ناوچەکانی ترەوە ژنان ڕوویان دەکردە شاران تا ڕزگاریان بێت لە چەساندنەوەی ئاغاکان تا بە هێزی بازوو توانای خۆیان بژێوی خۆیان دابین بکەن. کاتێکیش لەم مرازەیاندا سەرکەوتوو نەدەبوون ڕوویان دەکردە کاری لەشفرۆشی. ئەم ژنانەش لە زۆربەی شارەکاندا کۆمەڵی فەرمیان بۆ خۆیان دادەمەزراند.

## ژن لە کۆمەڵگای گوندیدا

دابەشکردنی کار لە کۆمەڵگەی گوندنشین و کشتوکاڵیدا تا ڕادەیەکی زۆر ئاشکرایە و هەروەك سەردەمەکانی پێشتر بەردەوام بوو. پیاو خەریکی کشتوکاڵ و زەویوزارو بێستان بوون. پیاو مافی ئەوەی هەبوو لە ژن و منداڵ و سەپانەکانی بدا، گەر بە پێویستی بزانیایە. پیاو لە دەرەوەی ماڵ و ژنیش لە ماڵەوە کاری دەکردو ئەرکی پاراستنی زەخیرە و پێداویستییەکانی ژیانی لەسەر شان بوو. لەگەڵ ئەمەشدا ژن لەناو خێزاندا هیچ مافێکی نەبوو، مێردەکەی وەکو لێپرسراو و خاوەنی ژنەکەی بوو.

ئەو پیاوانەش کە ڕۆڵی یاسایی و لە دادگاکاندا کاریان دەکرد، زوڵمیکی زۆریان لەو کەسانە دەکرد کە لە چینی هەژاران بوون. یەکێ لەو سزایانەی دەریان دەکرد ئەوە بوو کە لەگەڵ کچی ئەو پیاوە بنوون یان گەر ئەو پیاوە ژنی بهێنایە یەکەم شەو دەبووایە ئەوان لەگەڵ کچەکە بخەوتنایە. ئەم ژنانەش بە چاوێکی نزمەوە تەماشا دەکران.

**سیحرباز یان پیرۆزیی**

له سەدەی ناوەڕاستدا مەسەلەی چارەسەری نەخۆشی و چاککردنەوەی نەخۆشان کاری ژنان بووە. زۆر داستان و چیرۆك هەن باس لە زیرەکی و بەتوانایی ژن دەکەن لە چارەسەری نەخۆشی و تیمارکردنی بریندا. لە کولتوری کۆندا ئەم توانایەی ژن لەم بوارەدا بەسترا بۆوە بە سیحر و پەیوەندی ژن بە دەسەڵاتی ڕەشەوە. گوایە لەسۆنگەی ئەمەوە ژن دەتوانێ نەخۆش چارەسەربکات و دەسەڵاتی بەسەر ژیانی خەڵکدا هەبێت. هەر لێرەوە مەسەلەی سیحربازیی ژن بووە بەشێك لە کاراکتەرو کەسایەتی ژنی ئەوسەردەم. ڕەوتە ئایینییەکان ڕۆڵیان هەبوو لە سوتاندن و لەناوبردنی ئەو ژنانەی کە ئەو توانایەیان هەبووە. لەلایەکی ترەوە بۆچوونێکی واش هەبوو کە ئەم ژنانە کەسانێکی پیرۆز و هەڵبژاردەن.

*** ئـــــەم باســــــە لـــــــەم سەرچـــــــاوەیە: kvinnohistoria کە بە زمانی سوێدییە کراوە بە کوردی.**

**** ماسـتـەرنامــە لــە ئـەدەبی رووســی لــە مۆسکۆ و ماستەرنامەیەك سەبارەت بـە چـیرۆکی فۆلکلۆری کوردی بۆ منداڵان لە ستۆکهۆڵم.**